شەبەنگ



# شێخێکی شاعیر..!!

مەحمود زامدار

**سەرم سوڕماوە ئەمڕۆکە لە عالەم**
**دڵم پڕ بوو، لە ئاخ و حەسرەت و غەم**
**قسەی هەق هەر ڕەقە ڕاستی وەدەرخەم**
**هەزاری بێ بێشانت پێ نیشاندەم**
**کە ڕوتبەی بەرزی ئەمڕۆ پێدراوە**

* * *

**لەوێ ڕۆژێ کە نامەردی پەیابوو**
**هەموو خاکی وەتەن تووشی جەفا بوو**
**گرفتاری هەزار دەردو بەڵا بوو**
**پیاوی خانەدان خانەی خەرا بوو**
**ئەوی ناپیاوە، ئەمڕۆکە پیاوە**

**« شێخ- بێبەش»**

* تازە خەتی سمێڵم دانابوو، خەریکی شیعری گۆرانی و ئاواز دانان و دڵدارییەکی نیمچە هەرزەیی بووم و لە کونی پەنجەرە شەڕم بە کچە جیرانان دەفرۆشت، ماچ و نامەی گوایە دڵداریم لەگەڵ دەگۆڕینەوە، لە پشووی هاویندا زیاتر لە حوجرە دیوەخانەکەی باوکم لە مزگەوتی گەورەی ناو بازاڕ وەختم بەسەر دەبردو گوێم لە مشتومڕی مەلاو شاعیرو (منەوەر)انی ئەو ڕۆژانەی حوجرە شل دەکردوو تاسەیەکی شیرین دایدەگرتم، یەکێک لەوانەی لەو دانیشتنانە بەشداری دەکرد، پیاوێکی ئەفەندی بەشان و شەوکەوت و بارسووک و واڵابێژ بوو، ناویشی شێخ ئەنوەری شاعیر بوو، هەر لەو سەرو بەندانەدا هەمان شێخ و ئەفەندییە شاعیرەکە، هاتوچۆی (بێبەش)ی شاعیری کاکمی دەکرد لە مزگەوتە چکۆلانەکەی ناو کۆڵان، کە ئەویش هەر لە حوجرە دیوەخانەکەی باوکمی دەکرد، بەڵام گەرم و گوڕتر بوو، هەموو جۆرە باس و قسەو نوکتەو شیعرێکی تێدا دەگوتراو بەشێکی باشی شاعیرو نووسەرو ڕۆشنبیرو سیاسییانی ناو شار لەو دانیشتنە خۆشانە بەشداریان دەکرد، دیسان شێخە شاعیرە دەمبەخەندەکەی تێدا بوو، کاری من تەنیا ئاو هێنان و چایە دانان و گوێگرتن بوو، ئەمەیان چەند ساڵێکی خایاند، زۆرجاریش کاکم دەیناردم بۆ لای تا بێتە لای و کۆڕی شیعرو مۆناقەشە ببەستن، بیرمە کە باوکم وەفاتی کرد پارچە شیعرێکی زۆر بە سۆزی بۆ داناو



کاکم نووسییەوە، بەڵام نازانم چی لێهات.. بیریشمە ساڵی ١٩٧٩ کە خەبەری دڵتەزێنی وەفاتی (بارزانی نەمر) بڵاوکرایەوە، من ئەوسا لە بەغدا بۆ سەردان گەڕابوومەوە، عەسرانێک هاتە لای بێبەش و شیعرێکی یەکجار پڕ لە سینە سۆزەی بۆ مەرگی ناوختەی بارزانی نووسیبوو، دەرگای حوجرەیان پێداخستم و شیعرەکەی بۆ کاکم خوێندەوە، نازانم ئەمەش کەوتە کوێ.. تا دەهات برادەراتیم لەگەڵ شێخ پتەوتر دەبوو، تا دەشهات لەبەرچاوم گەورەتر... گەر بە هەڵەدا نەچووبم دیدارێکی خێرام لەگەڵ سازداو لە (هاوکاری) بڵاوم کردەوە.. لە ئەنجاما دەستخۆشی لە شێخ حیسام و لە دەسپێشکەرییەکەی دەزگای بەخششداری بەدرخان بۆ ئەم وەفایە.. گەر پێتان خۆشە با ئەم دەقە جوانە دەورکەینەوە:

**لەناو باغێ لە شارێکا لە شاری شیرنی ورمێ**
**چ باغێ بوو، هەنارو خۆخ و هەنجیرو ترێ و هەرمێ**
**لەناو ئەم باغە چاوم پێکەوت پڕ بوو لە نێرو مێ**
**کچێکم دی لەوان سەرڕۆ، لە هیچ کەس نەیدەکرد شەرمێ**
**گوتم: ناوت چییە ئەی نازەنینی من، پێی گوتم: نەرمێ**
**گوتم: بۆ تۆ سەرو ماڵم، گوتی: هەی ماڵی تۆ بڕمێ**
**گوتم: نەرمێ لە مێوەی تەڕ چ خۆشە؟ پێی گوتم: هەرمێ**
**گوتم: بەخوا قسەی تۆ ڕاستە، هەرمێ شیرنە هەرمێ**
**گوتی: (ئەنوەر) سەیرکە چۆن سەرت لەو حاڵە ناسوڕمێ**
**گوتم: (نەرمێ) بەچاوی تۆ قەسەم نەمکردووە جۆڕمێ..!!**

* * *

هەر دوێنێ بوو



لەڕاستەوە: تاریق جامباز، کاکەمین مەولود، رزگار موهەندیس، هۆمەری دزەیی، بیلال غولام

# (بیلال غوڵام)ی گۆڕ غەریب



ئیسماعیل بەرزنجی

لەسەرەتای حەفتاکان، لە گۆڤاری هەولێر-دا هەندێک نووسینی-بیلال غولام- م بەزمانی عەرەبی خوێندەوە، لەسەرەتای هەشتاکان بووین بە برادەر، نووسینگە ئەندازیارییەکەی بەرامبەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئێستابوو، نووسینگەیەک جگە لە پسپۆری خۆی تژی بوو لە ڕۆمان و چیرۆک.

لاوێکی تا بلێیی شیک و قۆز، ئاشقی جوانی و جگەرە و مەی و برادەرایەتی راستەقینە بوو، مەیلی لە پارە و پڕۆژەی نابەجێ نەبوو، باوەڕی بەوە هەبوو مرۆڤ تەنیا دەست لەپیاوی نامەرد پان نەکاتەوە، لەدوای عەسرەوە، خەڵکانی نووسەر و ئەهلی قەڵەم لەنووسینگەکەیدا سەردانیان دەکرد، گفتوگۆ دەربارەی ڕۆمان و چیرۆک و فیلمی تازە ساز دەدرا، من لەوێ چەندان ڕووناکبیرم ناسی.

بیلال، جارجار مات دەبوو، بەدەم کێشانی جگەرە و فڕکردنی پێکێکەوە دەکەوتە تێڕامان، لەپڕ بە زەردەخەنەیەک وەرامی بێهودەیی ئەو ژیانەی دەدایەوە کە ئەلبێر کامۆ بە (عەبەس) تاریفی کردووە.

بیلال، دەساڵ لەمن گەورەتر بوو، بەڵام وەک دوو برادەر بەبێ نازناو بانگی یەکترمان دەکرد، دوای شەڕی شوومی قادسیە و خۆشاردنەوەم لە دەست عەسکەری ئاگام لە بیلال نەما، بیستم سەفەری لیبیای کردووە و لەوێ کار دەکات، وای لەو هەواڵە ناخۆشەی کە بیستم!! بیلال غولام لە لیبیا نەخۆش کەوت و هەر لەوێش گۆڕغەریب بوو، یادت بەخێر ئەی روناکبیری ڕاستگۆ.

پرۆفیسۆر موحسین محەمەد بۆ «هەرێمی کوردستان»:

# لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەکادیمیای کوردی دروستکردنی زمانێکی یەکگرتووە بۆ شێوەزارەکانی زمانی کوردی



**پرۆفیسۆر موحسین محەمەد حوسێن نووسەرو ڕووناکبیرو شارەزا لە بواری مێژوو و سیاسی ئێستا ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی و سەرنووسەری گۆڤاری(ئەکادیمی)یە، تائێستا خاوەنی(١٢) کتێب و چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی مێژوویی و چەندین وتاری بەپێزە لە گۆڤارو ڕۆژنامە جیاجیاکان، بۆ ئەم مەبەستە حەزمانکرد ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا سازبدەین.**

**ئا: محەمەد دڵنیا**

*** ئایا بیرۆکەی ئەکادیمیای کوردی لەکوێوە سەری هەڵدا؟**

- بیرۆکەی سەرهەڵدانی سەرەتا لەشاری بەغدا دەستی پێکرد، بەڵام نەک بەو پێکهاتەی ئێستای، بەڵکو بەشێک بوون لە (مجمع علمي العراق) کۆڕی زانیاری عێراقی، بەناونیشانی(دەستەی کورد) پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆڕی زانیاری عێراق دووچاری تاڵان وبڕۆ بۆوە، زۆربەی ئەندامەکان پەرت و بڵاوبوون بەشێکیان هاتنە کوردستان لەکاتێکدا لە کوردستان لەساڵی ١٩٩٨ کۆڕی زانیاری کوردی زیندوو کرایەوە، پاشان لەساڵی ٢٠٠٧ ناوەکەی گۆڕا بۆ ئەکادیمیای کوردی، هەڵبەتە ئەکادیمیای کوردی بە دەستەیەکی تازە کە چەند پرۆفیسۆرێک لەخۆ دەگرێت.

*** ئامانجی ئەکادیمیای کوردی چییە؟**

- بەپلەیەک خزمەتکردنە بەزمانی کوردی، لەهەمانکاتدا زیندوو کردنەوەی زمانی ڕەسەنی کوردی، لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەکادیمیای کوردی دروستکردنی زمانێکی یەکگرتووە بۆ شێوەزارەکانی زمانی کوردی کەببێتە مایەی لێک تێگەیشتن و هیچ گیروگرفتێک لەنێوان شارەکانی کوردستان نەبێت، بۆ نموونە ئەگەر بچیتە هەورامان یان خانەقین لە گفتوگۆ کردن و قسەکردن کێشەت نەبێ و بەئاسانی لەیەکتری تێبگەن، واتە زمانێکمان هەبێت بتوانین لەهەموو ناوچەکانی کوردستان پێی بدوێین، تاوەکو کە هاوڵاتییەکی ناوچەی بادینان دەچێتە گەرمیان کێشەی زمانی بۆ دروست نەبێ، واتێنەگات چووبێتە دەرەوەی ناوچەی خۆی بەداخەوە زۆرجار قوتابییەکانی ماستەر زاراوەی عەرەبی بەکاردەهێنن بەتایبەتی ئەوانەی کە لەبادینان ژیاون... هەروەها لە ئامانجەکانی ئەکادیمیای کوردی خزمەتکردنی کەلەپوری کوردی، ئەدەبی کوردی، مێژووی کوردی.

*** ڕوانگەی بەڕێزتان بۆ ئێستاو ئایندەی ئەکادیمیا؟**

- من بەش بەحاڵی خۆم زۆر گەشبینم، چونکە چەند ساڵێکە زۆر بەگەرمی کاری تێدا دەکرێ کە ئەوەش ئومێد بەخشە بۆ ئایندە، بەمەرجێک بەرژەوەندی زمان و ئەکادیمیای کوردی لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە بێت ئینجا بەرژەوەندی خودی تاک بێت یان حزبی، دڵسۆزبین بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی زمانەکەمان، هەر ئەندامێک لەئێمە بەئەرکی خۆی هەڵسێت و ئەگەر ڕەخنەش هەبێ پێویستە ڕەخنەی بنیات نەربێت.

*** چۆن دەتوانین ئەکادیمیا بەرەوپێش ببەین؟**

- هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەم دەزگایەو دڵسۆز بین و بە ماڵی خۆمانی دابنێین درێغی نەکەین لە یارمەتی دانی و ئەکادیمیا بە ماڵی هەموو کوردێک دابندرێت لە جیهان.

*** ئەکادیمیا سەر بە چ لایەنێکی حکومییە؟**

- ئێمە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانین، هەر پێویستییەکمان هەبێت لە ڕێگای سەرۆکی ئەکادیمیاوە بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، خۆشبەختانە تاکو

ئێستا درێغیان نەکردووە لە یارمەتی دانمان.

*** ئایا پەیوەندیتان چۆنە لەگەڵ دەزگا زانیار و ئەکادیمیەکانی دەرەوەی هەرێم؟**

- لە راستیدا ئێمە زۆرجار پسپۆر لەدەرەوە دەعوەت دەکەین بۆ هەرێم، پاشان لەبارەی ئەکادیمیاوە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەین... هەندێ جاریش سیمیناریان بۆ سازدەکەین لەئایندەدا ئەوە لەبەرنامەماندا هەیە کە هەر ئەندامێکی ئێمە لەبواری خۆی بچێتە دەرەوەی هەرێم بۆ سوود وەرگرتن و بەهێزکردنی بواری خۆی بەتایبەتی سەردانی ئەو شوێنانە بکەین کە دەست نووسی کوردی تێدایە، وەکو تاران و ئەستەمبۆڵ و قاهیرە و دەوڵەتانی ئەوروپا، ئەم دەست نووسانە بهێنین کەپەیوەندیان بەزمانی کوردییەوە هەیە، ئومێدەوارین کە ئەم ئەکادیمیایە ببێتە مەڵبەندێکی گەورە بۆ زمانی کوردی.

*** لە چ رێگایەکەوە ئەکادیمیا دەکرێ هاوکاری بکرێ؟**

- پێویستە هاوڵاتی تێ بگات کە ئەکادیمیا هەیە، بێن سەردانمان بکەن تاوەکو سوودمان لێ وەربگرن هەرگیروگرفتەکی زمانەوانی چارەسەر بکرێ ئەگەر هەبێ.

*** بەرێزت کە سەرنووسەری گۆڤاری ئەکادیمیای ئاگادارین کە گۆڤارەکەتان تەنها زانستی بوو، بەڵام ئێستا بۆتە زانستی و ئەکادیمی ئەم هەنگاوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- پێشتر سیفەتی ئەکادیمیای لەسەرنەبوو، بەڵام لەژمارەی حەوتەوە سیفەتی ئەکادیمیای خراوەتە پاڵ واتە ئێستا ئەکادیمی و زانستییە ئەم گۆڤارە وەرزییە مامۆستایانی زانکۆ بابەت و توێژینەوەکانی خۆیان بۆمان دەنێرن، پێویستە هەموو جیهان باوەڕ بەو گۆڤارەی ئێمە بکات، چونکە شەش ئەندامی ئەم گۆڤارە پرۆفیسۆرن بۆ نموونە خۆم و عیزەدین مستەفا و دکتۆر عەبدولفەتاح ...هتد، من دڵنیام کە ئەم گۆڤارە جێگای ئومێد و دڵخۆشییە بۆ کورد.

بەهیوای ئەوەین ئەدەبی ئەکادیمیا زیاتر گرنگی و بایەخی پێ بدرێت بۆ خزمەتکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی.

# خامۆشی وەڵامیانم



**دڵخۆش بەکر تەیفور**

لەچی ئەگەی؟
چاوێک کە فرمێسکێکی بێ رێگە و شوێن تێیدا قەتیسماوە؟!
یا هەناسەی ساردی بێ هیوایەک لە قوڵایی ناخیەوە هەڵ ئەقوڵێت؟!
یا لەنێو چەوانێکی گرژی پڕ لە حەسرەت و نهێنی ترسناک؟
یا لە رووخساری دایکی شەهیدێکی لەیادکراو؟
* * *
گوێ لەچی ئەگری؟
ترپەی دڵی ئاشقێکی شێت؟
یا تریشقە و گرمەی هەورێکی بێ باران؟
یا چریکە وناڵەی بوولبولێک لە زیندان؟
یا گریان و هەنسکی کۆرپەیەکی بێ دایک؟
لەچی ئەڕوانی ؟
رژانی پێکی شەراب لە بەرزاییەک؟
کەوتنی ئاونگێک لە سیمای گوڵێک؟
یا درەوشانەوەی مانگ لە شەوێکی تار؟
یا دارێکی بێ گەڵای وەرزی بەهار؟
لەچی ئەترسێی؟
لە هەڵاتنی هەتاوی بەیانیان؟
یا لە داچۆڕانی ئەستێرەیەکی لە خۆ بێزار؟
یا لە پیری خۆت ئەترسی؟
یا لە درزی باڵای پەیکەرێ؟
لەچی گەیشتی؟
گوێت لەچی بوو؟
هیچت بینی؟
لەهیچ ترسایی؟
گەر لێیان گەیشتووی دڵیان دەوە و ئارامیانکەوە با هەست بەبێ کەسی نەکەن،
گوێیان لێبگرە و داواکانیان لە بەیانیانێکی
پڕ محبەت بۆ جێبەجێ کەو
لە ئێوارانێکی تەڕدا گفتوگۆیان لەگەڵ بکە،
لێیان بڕوانە، تا لەچاوەکانت خۆشەویستی وەربگرن و با خەمی زەمەن ووشکیان نەکاتەوە
بزانە دڵیان چ ئاوازێکی دەوێ
تا بە ئارەزووی خۆیان سروود بۆ ژیان بچڕن
تەنها ناتوانم بڵێم مەترسە
چونکە ئەوانەی کەلێیان دەترسی
هەموویان دەتوانن
گرەوی خۆیان بەرنەوە!

چیرۆک

# ژەنەڕاڵ



ئازاد ئەرگوشی-پیرمام

خانەنشین بوو، دڵی تەنیا بەکونە سەربازەکەی خۆش بوو، هێشتانیش سەرکردەبوو، چونکە کەسێک مابوو کە فەرمانی پێ بدات، زۆرجاریش بەنادڵی بە سەربازەکەی دەگوت: بۆ ژیانی خۆت کردۆتە قوربانی ژیانم؟ گەردەنت ئازا بێ بڕۆ، بۆ خۆت کێوە دەڕۆی بڕۆ، کۆنە سەربازیش لە قوڵایی دڵیەوەی دەیگوت: بۆ کوێ بڕۆم قوربان، من لەم شێوە ژیانە ڕاهاتووم ناتوانم بەشێوەیەکی دیکە بژیم!!!

ئەو ڕۆژ بەیانی کە ژەنەڕاڵ لەخەو هەستاوە، زۆر خۆشحاڵ و سەر زیندوو بوو بۆیە بە دەنگێکی بەرز بانگیکرد، کۆنە سەرباز وەرە کە ئیمڕۆ ڕۆژێکی گرنگە، کاتێ کۆنە سەرباز چووە ژوورەکەی زەردەخەنەیەک لەسەر لێوەکانی ژەنەڕاڵ بوو، گوتی: دەزانی سبەینێ ڕۆژی لەدایک بوونمە. ئەو ڕۆژەیە کە من و تۆ چاوەڕێی دەکەین، سبەینێ سەر لەبەیانی خەڵک لەپێش دەرگای ماڵەکەم دا کۆدەبنەوە، وەک قارەمانێک پێشوازیم لێ دەکەن، پیرۆزباییم لێ دەکەن، دەزانی لەوە خۆشتر نییە کە مرۆڤ پاداشتی ماندووبوونی خۆی وەردەگرێ، من جل و بەرگی سەربازیم لەبەر دەکەم ئەستێرەکانم لەسەر شانم دادەنێم دەڕۆمە سەربانی خانووەکەم وتارێکیان پێشکەش دەکەم کەواتە ئیمڕۆ زۆر کارمان هەیە من وتارەکەم ئامادە دەکەم تۆش پێویستە ماڵەوە خاوێن کەیتەوە.

هەردووکیان لەبەیانییەوە تا درەنگی شەو خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ ڕۆژی پاشتر، کۆنە سەرباز ئەوەندە ماندوو بوو کە هەر لە چێشتخانەکەدا خەوی لێکەوت کاتێ بەئاگا هاتەوە نیوە شەو بوو، گوێی لە دەنگی گریانی ژەنەڕاڵ بوو، بەپەلە خۆی گەیاندە ژوورەکەی، گوتی: چی بووە قوربان لە خزمەتت دامە، ژەنەڕاڵ سەری بەرز کردەوە کۆنە سەرباز، قەت ژەنەڕاڵی وا داماو نەدی بوو، هەرگیز بڕوای نەدەکرد ڕۆژێک بتوانێ فرمێسکی فەرماندەکەی ببینێ، هەمیشە وای دەزانی کە ژەنەڕاڵ لە مرۆڤ بەرزترە ژەنەڕاڵ و گریان نەگوتراوە، لەم خەیاڵانەدا بوو کە ژەنەڕاڵ وەخۆهاتەوە، وەک جاران بەدەنگێکی بەرز گوتی: چی بوو بۆ واتەماشام دەکەی بڕۆ جلوبەرگی سەربازیم بۆ بێنە دەمەوێ وەک جاران کە لەخەو هەڵدەستمەوە جلوبەرگی سەربازیم لەبەربێت، بڕۆ خێراکە کە سبەینێ ڕۆژێکی زۆر گرنگە تۆش دەبێ جلوبەرگی سەربازیت لەبەرکەی جلوبەرگی ژەنەڕاڵی هێنا و خۆشی جلوبەرگی سەربازی لەبەرکرد، کاتێ گەڕایەوە لای ژەنەڕاڵ سەلامێکی سەربازی بۆکرد کە ژەنەڕاڵ بەتوڕەیی گوتی: باشە کەس سڵاوی سەربازی لە ژەنەڕاڵێکی بێ ئەستێرە دەکات؟ بڕۆ ئەستێرەکانم بێنە، کۆنە سەرباز بە پەلە بەشوێنی ئەستێرەکان داچوو، بەڵام هەر چەند بەشوێنیان دا گەڕا نەیانی دۆزییەوە، خێرا گەڕایەوە لای ژەنەڕاڵ، گوتی: قوربان ئەستێرەکانت نەبینیون؟ لەسەر مێزەکەی بەڕێزتانم دانابوون، لەناو پاکەتێکی قاوەیی ڕەنگ دابوون ئێستا لەوێ نەماون، کاتێ ژەنەڕاڵ گوێی لەو قسەیە بوو بەتوڕەیی هاواری کرد: بەمشێوەیە خزمەتی فەرماندەکەت دەکەی؟ زەینت لە کوێیە کۆنە سەرباز؟ دەتەوێ بەبێ ئەستێرە بچمە پێشوازی خەڵک، باشە ژەنەڕاڵی بێ ئەستێرە کەی ژەنەڕاڵە؟ کۆنە سەرباز ئێستا من چ جیاوازییەکەم لەگەڵ تۆدا هەیە؟

کۆنە سەرباز گوتی: قوربان بەمشێوەیە قسە مەکە بەڕێزتان چەند ساڵە فەرماندەی منن، منیش وەک سەربازێکی وەفادار... ژەنەڕاڵ هاواری کرد، بڵێ وەک سەگێکی وەفادار. بەڵێ قوربان هەرچی ئێوە بفەرموون، بەڵام من لەوپەڕی وەفاداری خزمەتی بەڕێزتانم کردووە.. ژەنەڕاڵ بەتوڕەیی دەڵێ: وەفاداری سیفەتی سەگە، ئێستا چ جیاوازییەکم لەگەڵ تۆ هەیە؟ من و تۆ وەک یەک واین، ئەوە ئەستێرەکان بوون کە ئێمە یان لێک جیادەکردەوە، سبەینێ کێ بڕوام پێ دەکات کە من ژەنەڕاڵم و تۆش کۆنە سەرباز. بەڵام قوربان من شایەتیت بۆ دەدەم، من بە ئامادەبوونی خەڵک دەڵێم کە ئەمە فەرماندەی منە، ئەمە ژەنەڕاڵە، بەڵام ئەستێرەکانی وون کردووە. جێگای پێکەنینە کۆنە سەرباز کەسانێک هەن کە مێژوو شایەتیان بۆدەدا کە بەڕاستی ژەنەڕاڵ بوونە، بەڵام بەگوێی خەڵک دا ناچێت دانیان پێ نانێن، ئێستا دەتەوێ بڕوا بە قسەکانت بکەن، ئەویش کۆنە سەربازێکی ئاسایی، من ئەستێرەکانم دەوێ، ئەستێرەکانم دەوێ، هەناسەی ژەنەڕاڵ سوار دەبێ بەهەناسە بڕکێ دەڵێ: بڕۆ حەبەکانم بۆ بێنە. کۆنە سەرباز خێرا حەبەکانی دێنێ و دانەیەکی لەژێر زاری ژەنەڕاڵ دادەنێ پاشان یارمەتی دەدا تا لەسەر تەختەکەی ڕاکشێ کۆنە سەرباز بەگریانەوە گوتی: خەمت نەبێ قوربان هەر دەیان دۆزمەوە، بەڵام دۆزینەوەیان بێ سودە، ڕۆیی ئەو سەردەمەی کە هەر ئەستێرەیەک بە خوێن بەدەست دەهێندرا، ئێستا ئەستێرە بەکیلۆ دابەش دەکرێن، ژەنەڕاڵ دەستی لەناو دەستی کۆنە سەرباز دادەنێ بەدەنگە لەرزۆکەکەی دەڵێ: ڕەنگە تۆ ڕاست بڵێی، بەڵام ئەگەر کەس نەزانێ تۆ باش دەزانی کە ئەستێرەکانم بەچ نرخێک بە دەستم هێناون، تۆ،تۆ.... دە، دە، بێ بیان دۆزییەوە، لەبیرنەکەی سبەینێ بۆ ئێمە ڕۆژێکی گرنگە، خۆشترین ڕۆژی ژیانی ئێمەیە، سبەینێ ڕۆژی ڕێز لێنانە، ڕێزلێنان لە، لە ماندووبوونمان، دەیان دۆزییەوە، ها، بەڵێنم پێ بدە بیاندۆزییەوە، من،من، دەزانم تۆ پێت دەکرێ، ئەمە یەکەم جار بوو کۆنە سەرباز ژەنەڕاڵەکەی ئەوها لاواز و بێ دەسەڵات دەدیت، بەزەیی پێداهات خێرا لەشوێنی خۆی هەستا بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەستێرەکان دەستیکرد بەسەر و ژێرکردنی کەلوپەلی ماڵەوە پاش ماوەیەک سوڕان و گەڕان سەرئەنجام ئەستێرەکانی لەناو زبڵدانەکەدا دۆزییەوە، پاشان بە خۆشحاڵی دەگەڕێتەوە ژووری ژەنەڕاڵ، کاتێ وەژوور دەکەوێ دەبینێ ژەنەڕاڵ لەناوەندی ژوورەکە کەوتۆتە سەر گازی پشت، هەرچەند بانگی دەکات وەڵام ناداتەوە، هەواڵی مردنی ژەنەڕاڵ لەدام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە، پاشان ئەستێرەکانی دەدرێتەوە کەسێکی دیکە، کۆنە سەرباز زۆر پێی ناخۆش دەبێ، هەمیشە دەیگوت: ئەوەی ئەو ئەستێرانەی وەرگرتووە شایانی ئەو ئەستێرانە نییە، هەر لەبەر ئەمەش تاوانبار کرا بەدەست تێوەردان لەکاروباری گەورەکان دا بۆیە پاداشتیان کرد!! بەڵام مافی قسەکردنیان لێ ساندەوە، تا مرد کەس گوێی لێ نەبوو قسەیەک بکات...


2009/6/30 :513

# ئەدەبیات

# دەق و خوێندنەوە

**"ناتوانین دووجار لەرووبارێکدا بپەڕینەوە"**
**هیراکلیتس**

پەیوەندی نێوان دەقی نوێ و خوێنەری نوێ، وەک پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بەردەوامی ژیانە، مەبەستم لەهەردوو جۆری خوێندنەوەیە یەکەمیان ئەو خوێنەرەیە کە عیشق لەگەڵ دەقی ئەدەبی دەکات و خوێنەری بەردەوامی روحیە، ئەوی تر ئەو خوێنەرەیە کە روح دەخاتە بەر دەق و وەک جۆرێک لەپێویستییەکانی تری ژیان تەماشای دەکات، دونیای ئەدەبی کوردیش کە هێشتا نەبۆتە دونیایەکی فراوان و لەئاستی دونیادا ناسراوبێت، بۆیە هێشتا لەئاستی لۆکاڵیدا ماوەتەوە لەلایەک، زۆر جاریش نادیدە دەکرێت و دەخرێتە پاشکۆی کایەکانی تر، بەم فەزای خوێنەر کاریگەری لەسەر فەزای دەق و دانەریش کردووە، ئەگەرچی لەدەرفەتێکی تردا زیاتر لەسەر دانەر و ەمکەکانی تری ئەدەب قسە دەکەم، بەڵام لەم دەرفەتەدا هەوڵ دەدەم زۆرترین قسەکانم لەسەر خوێنەر بێت.

ئەدەبی کودی و دەقی کوردی لەبەردەم چەندین ئیشکالیاتی جۆراوجۆرە، یەکەمیان ئەوەیە کە خوێنەرێک هەیە دەق دەناسێت و دەتوانێت هەڵسوکەوتی جدی لەگەل بکات کەمترین بەهای بۆ دادەنێ، چونکە فەزای پەروەردەکردنی تاک بۆ شارەزا بوون لەکۆی کایەکان، پەروەردەیەکی پڕ لەکەموکوڕییە، دووەم ئەوەیە کە تائێستا ئەدەبی کوردی و تایبەت بەدەقی کوردی لەغیابی رەخنەگر و خوێنەری جدی ژیان دەکات، ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە هێشتا تاکی ئێمە گوێچکەی بەزاراوەی رەخنە رانەهاتووە، یان رەخنەگرەکان پشت بەمیتۆدێک نابەستن کە لەگەل کولتووری ئەدەبی کوردی بێتەوە،




ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی خوێنەرێک هەیە موتابەعەی دەقی ئەدەبی دەکات کەهیچ شارەزاییەکی لەسەر ئەدەبی گەلان و رابردووی ئەدەبی کودی نییە، ئەمەش ئەو ئیشکالیتە دەخولقێنی کە دەقی کوردی دووچاری قەیران بێت.

یەکێکی تر لەئیشکالیاتە ئەدەبییەکانی کوردی ئەوەیە کە فەزایەک دروست بووە گۆڤار و رۆژنامەی سیسای و



سمکۆ محەمەد

کۆمەڵایەتی زۆرترە لە گۆڤار و رۆژنامەی فکری و رۆشنبیری، ئەمەش وای کردووە کە خوێنەری رۆژنامە و گۆڤاری فکری و رۆشنبیری بکەونە پەراوێزەوە، تەنانەت رۆژنامەنووسی فکری و ئەدەبیمان نییە کە بەدوای دەقیک یان دەقنووسیکدا بگەڕێ و موناقەشەی ئەدیبێک بکات، ئەگەر لیرە و لەوێش هەبێت سەرکەوتوو نەبووە، چونکە بەگرنگ وەرنەگیراوە، هەر بۆیە خەریکە ئەدیبەکانیش بەلەدەستدانی خوێنەرو رەخنەگر لەئەدەب دوور کەوتوونەتەوە، دیسان ئەمەش کارێکی وەهای کردووە کە بازارێک بۆ کەسانێک گەرم بوو کە هیچ لەبارەی دەق و ئەدەبەوە نازانن و کتێب چاپ دەکەن، هەڵبەت ئەم کەشوهەوایە خوینەری موزەیەف دروست دەکات و گرزێکی کوشندە لەئەدەبی کوردی دەدات، رەنگە بەشێوەیەک لەشوێوەکان ئەو فەزایە کارێک بکات کە بی بەرهەمی جدی، کاریگەری نێگەتیڤ دروست بکات بۆ دوارۆژ، ئەمە لەکاتێکدایە ئەدەب هیچی کەمتر نییە لەکایەکانی تر، ئەگەر زیاتر نەبێت، ئەرکی سەرەکی بۆ قەرەبۆکردنەوەی ئەم واقیعە، کارکردنە لەسەر نەوەی نوی کەخوێنەرن و لەفەزایەکی خالّیدا دەژین.

# ئەرێ... نەرێ



رەزا سەید گوڵ بەرزنجی

کە پیاوەکە بەسووک وئاسان مەرامەکەی خۆی لە ژنەکەی گەیاندو لەقسەکەی بۆوە، ژنەکەی لەیەک ئاندا، بەسەر ژان و ئایوئۆف و ئازاری هەرسێ منداڵبوونەکەی کەوتەوە! تەزووی ئازار لەگیانیدا سەری هەڵدایەوە.. ئارەقە و ئازار و ژان و زریکە و ئایوئۆفی هەر سێ سک و زاکردنی کە لەسێ ئانی جیاواز و دوور لەیەکتریبوون، لەیەک چرکەدا بەبێ سک و زان بەسەر ئاو و ئارەقە ژان هێخستن، تێداما.. دەستێکی کەوتە پێش و یەکێکی کەوتە پاش.. لەنێوان ئاو نەئەدا بەلەمێکی بێ سەوڵ بوو شەپۆڵ دەیهێناو دەیبرد بێ ئۆقرەکەت. لەنێوان خواستی مێردەکەی و بەزیادکردنی ئەو بەشەی کەخوا لەمنداڵان پێیدابوو، لەناو گێژاوێکی بیرکردنەوە.. تەتەڵەکردن.. هێنان و بردن.. مێشکی دەهات و دەچوو، هەشت نۆ ساڵبوو بەرەزامەندی هەردووکیان سکوزاکردنی لەخۆ قەدەغەکردبوو.. بەسیانە کە شوکری خودای دەکرد و گەلێجار لەگەڵ خۆیدا دەیگوت( خوا پێم بەزۆر نەبینێ و جەرگم پێیان نەسووتێ لەگەڵ منداڵانی ئوممەتی محەمەدی، پشکی خۆمی داومەتێ...).

قسەکەی، ژانی یەکەم منداڵبوونی لەجەستەیدا گەڕاندەوە و هێنایەوە بیری..، کە لەشەوێک لەشەوەکانی زستانێکی سارد و سڕبوو، شار لەبێ کارەباییان لەناو تاریکستاندا دەتوایەوە، باو بارانیش شەڕێکی دەستە و یەخەی لەگەڵ دار و بەرد و خانووی گەڕەکەکانی شارەکە دەستپێکردبوو، ویزە و گڤەگڤی بەدارتەلەکانی رۆخی شەقامەکان هێخستبوو و بەسەمای هێنابوون، ئاسمان تووڕە.. ژانی بێ ئامانی ئەویش بێ خاتر و بێ منەت تووڕە.. نەباران و تۆف.. نە تاریکستانی شارەکە لەکاری خۆیان نەدەکەوتن.. نەژانیش لە ئیختیار و دەستی خۆیدابوو، هەردوو قامچی خۆیان لە سروشت و جەستەدا بەکارهێخستبوو.. لەسەر نزمی ئەوکات ژان دەیکرد و دەیکرد.

قسەی مێردەکەی ئەوی تووشی بەراورد و تێکەولێکە کردبوو، ژان لەدوای ژانی هەرسێ سک و زاکردنەکەشی یەخەیان بەرنەدەدا و جەستەیان دەلەرزاند و مێشکیان کاسدەکرد، لەنێوان چەمکی وەڵامدانەوەدا لەمەلەوانی کەوتبوو.. لەبازنەیەکی تەسک و تەنکاودا شەپەشەپی بوو، واهیمە لەناو وەڵامی دوو جەمسەری و دوو فاقی دەیگەوزاند، لەوە دەترسا ئەگەر وەڵامەکە بەئەرێ هەڵبژێرێ.. ئەوە هەڵبژاردنی مەرگی دەبێ و بەسکردنی چوارەمینی و منداڵبوونی دەمرێت و دەرناچێت.. ترسێکبوو وەکو تۆق بەگەردەنیەوە کرابوو، خۆ ئەگەر خۆی بەلای نەرێکەوە بدات..ئەوەشیان ترسی لەدەستدانی مێردەکەی یاگرژی یا دڵشکاندنی بە دوادا دەبێت، وەکو شکاندنی شووشەی لێدێت و هەرگیز وەکو جارانی لێنایەتەوە و نابێتەوە شووشەکەی پێشوو و یەکتر ناگرێتەوەە! وەکو کەسێک بەسەر پۆلی ئاگرەوە دانیشێت ئۆقرەی لەبەر بڕابوو جێگەی بەخۆ نەدەگرت، لە خەفەتاندا ژانی یەکەم منداڵبوونی کە لەشەوێکی ناجور و تۆف دابوو گەڕایەوە جەستەی و دایگرتەوە.. شەوەکە دەیکرد و ژانیش لەجەستەیدا دەیکرد..ترسی ئەوەشیان سەرباربوو کە نەکەوێتە دەست مامانێکی شارەزا و لێهاتوو، چونکە هێشتان نەخۆشخانەی منداڵبوون لەدوای راپەڕینەوە نەکەوتبۆوە خۆ، هەندێ ترسی کەشی لە رێگەی خوێندنەوەی هەندێ کتێب و نامیلکەوە بۆ خۆی چێکردبوو، کە گوایە یەکەم منداڵبوون ترس و ئەگەری خۆی هەیە.. ئەمانە تووشی واهیمەیان کردبوو.

پاش ئەو هەموو ساڵە کە لە قەدەغەکردنی سک کردن و منداڵبوون خۆی راگرتبوو..ئەو ژانانەی ئەوسای تێدەزایەوە کە لەیەکەم سک و زاکردنی لەنقە و ئایو ئۆف و زریکەی کردبوونی.. هەموویانی تێگەڕایەوە و لەمێشکیدا دەزرنگایەوە، قسەی مێردەکەی زەنگێک بوو هەموو ژانەکان و ترس و دڵەراوکێی ئەوسای بەبیرهێنابۆوە و سفت و سۆو ئازارەکانی هەڵوەشاندبۆوە و کولاندبوویەوە، ئێش و ئازاری ئەم قسەیە و ئازارەکانی منداڵبوونی یەک بەدوای یەکدا لەیەکیان دەدایەوە. قسەکە زامی خەنجەرێکی دەبان کاریگەری بەسەر جەستەیدا دەکرد و ئاسەواریشی دەگەیشتە مێشکی.. وەکو ئەوکەسەی جنۆکە خۆی پیشان دابێت، جارجار قسەی لەبەرخۆیدا دەکرد و هەڵیدەبزڕکاند. لەنێوان هەڵبژاردنی ئاو نەئەدا ئەگەری بۆ هاتبوو.. ئەوەشی چاکدەزانی ئەگەر خۆی بەلای نەئەکەدا بدات ساردییەک دەکەوێتە نێوان خۆی و هاوسەری، ئەگەر خۆشی بەلای بەڵێ و ئایەکەدا بدات..ترسی ئەوەی دەکەوێتە دڵ و هەناو کە لەم سکەیدا دەرنەچێت و منداڵەکانی هەتیوبن و هاوسەرەکەشی سەرگەردان و بێناز بکەوێت.

داوای مێردەکەی لێبووە مۆتەکەی ترسێکی زەق و ئاشکرا و دوولینگانی بەسەردا هێنابوو، لەوەتەی قسەکەی لێ بیستبوو خەم و مەراقی داخوازییەکە بستێک چییە لێی دوور نەدەکەوتەوە و بەری نەدەدا و خەمێکی قوڕسبوو زەندەقی لێچوو بوو.. وایدەزانی گەر رەزامەندی سککردنی پیشان بدا، ئەو سککردنەی لێ دەبێتە عیزرائیلی رۆحی و، کۆتایی بەژیانی دەهێنێت و منداڵەکانیشی دەکەونە دەست ئەمو ئەوەوە، لەدوای خۆشیەوە سەرگەردان و سەر لێشێواو دەبن.. قسەیەکی نێو خۆیانی هاتەوە یاد کە دەڵێن ئەگەر دایک بووە زڕ دایک.. باوکەکەش دەبێتە زڕ باوک، ئەو مەراقە لەنێو هەناویدا دەبووە مار و لە ریخۆڵەکانی دەئاڵا و ئازار لەچەشنی منداڵبوون خۆی تێوەر دەهێنا و دەیتلاندەوە و راست و چەوتی لێ بزر دەکرد و رۆژی روناکی لێدەکردەوە شەوە زەنگ و شەوی بە فەیزچوون و شەوانی تارکستانی شارەکە، ترس لێیدەگۆڕا لێیدەبووە ژانی منداڵبوونی یەکەمی و جەستەی بەرەو سڕبوون دەبرد.. جارجارەش ترس بۆی دەچووە بەرگێکی کەو، ئەو شەوەی هێنایەوە یاد کەپیاوەکەی بەدەست و فانۆسەوە لەشەوە تۆف و تووڕەکەدا بەدوای مامان هێناندا چووبوو.. گەر لەبەر خاتری خاتران نەبوایەو چاوناس نەبوایە.. بەو شەوە رەشەبایە و بارانەدا نەدەهاتە دەرێ.. شەوان و رۆژانی بێ ئەمانی و گرانی و برسێتی دوای راپەڕینی دەهێنایەوە بیر و پێشچاو و زریکەی لێهەڵدەستاند، ئەگەری ترسی هەڵبژاردنی نە ئێش لەمێشک و دڵ و دەروونیدا خاڵی نەبوو، ترسی ئەم لایەشیان لەناو مێشکیدا چەکەرەی دەکرد، ئەگەر بەگوێی نەکات و قسەکەی

بشکێنێ.. شتی سارد و دڵشکان دێتەگۆڕێ و.. خراپتریش لە پاشتر. مێردەکەی هەر ئەو قسەیەی گوت و لە ڕۆژانی دواتردا چیتر نەگەڕابۆوە سەری و بەروویدا نەدابۆوە، وەکو دەڵێن زۆرگوتن قورئان خۆشە و دووبارەکردنەوەی قسەکەی پێ پەسند نەبوو. داخوازی مێردەکەی ڕەشماڵێک بوو بەسەریدا هەڵدرابوو، لە ژێریدا وەکو کەسێک نەخۆشی ڕەبووی هەبێت تەنگەنەفەسە و پشی سوار دەبوو، و خستبوویە ناو بازنەی بەراورد و هێنان و بردنەوە.. لەگەڵ خۆیدا.. لەبەرە خۆیدا.. لەتێکەولێکە دابوو.. لەنێوان خۆی و خۆیدا لەبێنە و بەردەیەکدابوو ڕووە و سەرەداوێک هەنگاوی سەبرۆکەی دەنا. لەناو تێکەولێکە وخەیالاتەوە قسەی مێردەکەی کە هەر یەکجاری پێ گوتبوو و دووبارەی نەکردبۆوە و نەگەڕابۆوە سەری، چۆنی گوتبوو لەناو مێشکیدا بێ زیاد و کەم زرنگایەوە: (ئافرەت) ڕاستە من و تۆ بەرەزامەندیمان بڕیاری منداڵنەبوونمان..دا.. ئەوە نزیکەی چەند ساڵانە نەمان بەزاندووە، ئێستا برا و براژنەکەم چونکە منداڵیان نابێت کەوتوونەتە بارەکی نائومێدی و خەمان..

لەخۆشیان ئومێد بڕبوونە، هاتوونەتە سەر ئەوەی منداڵێک لە هەتیوخانە هەڵبگرنەوە و بەناوی خۆیانەوە بکەن..جا.. من وام پێچاکە بۆ یەکجار بڕیارەکە بشکێنین و پێ شێلی بکەین و منداڵێکی دیکەمان ببێ و لەقەبەریان بکەین، پێموایە منداڵەکە لە فامیلەی خۆمان بێت فەرامۆشیان پتر پێدێ و پتر هۆگری دەبن و پتریش دەروونیان دەحەسێتەوە و دادەوەڕێنەوە، خێر و پیاوەتییەکیشە دەیکەین، خوا بەشی ئێمەی داوە، با بەشی ئەوانیشی لێبدەین، ڕۆحەکەم.. با لەو زەردەخەنەیەی کە لەسەر لێوی ئێمەمانانەوەیە.. زەردەخەنەی دایک وباوکان دا هەیە، بەشی ئەوانیشی لێبدەین و زەردەخەنەش بخەینە سەر لێوی برا و براژنەکەشم.. چیتر خۆیان ڕەنج بەخەسار نەزانن و.. لەوبازنەی بێ ئۆقرەیی و خێر لەخۆ نەدیتنە بن باڵیان بگرین و بەگفت و ئومێدێکەوە هەڵیان سێنینەوە و دنیایەکی تازەیان بۆ دروستبکەین.. ماڵیان ئاوەدان بکەینەوە.. زەردەخەنەیان بخەینە سەر لێو و نێو دڵیان.. با تێزێک بدەینە زەردەخەنە چرچ و کاڵبووەکەیان و، پەمەیی بکەینەوە.. با نیشانە و خاڵێک لەئاسۆی ژیانیان دابنێین و چاوەکانیان لەوێ ببڕن و بەرەو ئومێدێک بڕوانن و هەنگاو هەڵبهێننەوە؟.. لەدوایین وشەی بیرهاتنەوەکەدا بوو کە زەردەخەنەیەک دایگرت و بۆ بڕیارێک لەئامادەباشیدابوو.

کورتە چیرۆک

# ژمارەی بە بەخت



وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:
**هێلین شاکر محەمەدئەمین**

**نووسینی: جۆن میڵنی**

کافتیریای کۆڵۆمبۆ هەموو کاتێک پڕ بوو لەخەڵک هەموو کاتێک خەڵکەکە لەسەر مێز و کورسییەکانی کافتریای کۆڵۆمبۆ دادەنیشتن، پیاو و ئافرەتەکان جلی باش و گرانبەهایان لەبەردابوو خەڵکەکە قاوەیان دەخواردەوە.. ساردییان دەخواردەوە، ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە چارڵی لەکافتریای کۆڵۆمبۆ دانەدەنیشت چارڵی جلی باش و گرانبەهای لەبەردا نەبوو، ئەو لەسەر شۆستەکان دادەنیشت چارڵی لەسەر سندوقێکی بچووک دادەنیشت، چارڵی کاری بۆیاخچی بوو ئەو ناچێتە قوتابخانە و هەموو ڕۆژێک کاردەکات، چارڵی پێڵاوی پیاوان و پێڵاوی خانمانی ئەسڕی، پێڵاوی ڕەش و قاوەیی و شینی ئەسڕی، چارڵی هاواری دەکرد: پێڵاو بۆیاخ کردن و پێڵاو بۆیاخ کردن، دووسەد وپەنجا دووسەد و پەنجا هەرتاکێک، پیاوێک لە کافتریای کۆڵۆمبۆ هاواری کرد: چارڵی، چارڵی ڕایکرد بۆلای پیاوەکە سەندوقەکەی لەلای قاچی پیاوەکە دانا، پیاوەکە قاچێکی خستەسەر سەندوقەکە، پێڵاوی پیاوەکە ڕەشە و پیسە، چارڵی پێڵاوی پیاوەکەی پاککردەوە، پیاوەکە پێنج سەدی دابە چارڵی، ئەویش پێنج سەدە خوردەکەی وەرگرت، سەندوقەکەی هەرگرتوو ڕۆیشت بۆسەر شۆستەکە، پیاوێکی پیر بەهێواشی دەڕۆیشت لەسەر شۆستەکە پیاوە پیرەکە کارتۆنێکی گەورەی هەڵگرتبوو هەندێک شت لەسەر کارتۆنەکە نووسرابوو، پیاوە پیرەکە بلیتی یانەسیب دەفرۆشێت پیاوە پیرەکە هاواری دەکرد: (بلیتێک بکڕە بەخت ببەرەوە بلیتی یەک دۆلارە)پیاوێکی جل باش و گرابنەها هاواری کرد، بەپەلە بلیتێکم بدەرێ پیاوە بلیت فرۆشەکە بلیتێکی دا بەپیاوەکە ئەویش یەک دۆلاری دابەپیاوە بلیت فرۆشەکە پیاوە جل باش و گرانبەهایەکە بەپەلەیە، تەکسییەک لەسەر شەقامەکە چاوەڕێیە، پیاوەکە بلیتەکەی خستە نێوبەرگەکەیەوە و سواری تەکسییەکە بوو، بلیتەکە لەناوبەرگی پیاوەکە کەوت با بلیتەکەی بۆناو هەواکە بەرزکردەوە، ئێستاش بلیتەکە کەوتە ناودەستی چارڵی ئەویش بەدەستەکانی هێمای کردوو هاواریکرد: (بلیتەکەت، بلیتەکەت) پیاوەکە گوێی لە چارڵی نەبوو تەکسییەکە ڕۆیشتبوو چارڵی لەسەر شۆستەکە ڕاوەستا، بلیتەکە لەناو دەستی چارڵی دایە، لەدرەنگی شەودا کافتریای کۆڵۆمبۆ داخرا، ماڵی چارڵی دوورە هەموو شەوێک چارڵی ڕۆیشتنێکی درێژی دەکرد بۆماڵەوە، دایکی چارڵی چاوەڕێی چارڵی دەکات، پارەکانی دەداتە دایکی، چارڵی باوکی نییە خوشک و براکانی چارڵی لە چارڵی بچووکترن، دایکی چارڵی پێویستی بەپارەکەیە و خواردن بە پارەکە دەکڕێت... چارڵی بلیتی یانەسیبەکەی پێشانی دایکی دا، دایکی ژمارەکەی خوێندەوە: حەوت، پێنج، سێ، هەشت، یەک، دوو، نۆ، چوار، شەش. ئەوە ژمارەی بردنەوەیە؟ لەوانەیە ئەوەبێ ٢١ ی مانگ بەیانییە، لەوانەیە بەیانی ڕۆژێکی بەبەخت بێت بۆیان. چارڵی زۆر ماندووە بلیتەکەی لەسەر سەندوقەکە دادەنێت، چارڵی دەخەوێت و خەونێک دەبینێت، چارڵی لەخەونیدا بزنێک دێتە ماڵیان بزنەکە بلیتەکە دەدۆزێتەوەو دەیخوات: بزنەکە ژمارە شەش دەخوات، بزنکە ژمارە چوار دەخوات، بزنکە ژمارە نۆ دەخوات. چارڵی لەخەو هەڵساوە، ئێستا بەیانییە بلیتەکە لەسەر سەندوقەکە نییە! بلیتەکە لەکوێیە؟ چارڵی ڕایکرد بۆ نوسینگەی یانەسیب و دایکی خۆی بینی دایکی بلیتەکەی لایە پیاوێک دەخوێنێتەوە، حەوت، پێنج، سێ، هەشت، یەک، دوو، نۆ،چوار،... لەژمارەی براوە. ئایا ژمارەی داهاتوو دەبێتە شەش؟ ئایا ئەوە دەبێتە بە بەخترین ژمارە؟ ئایا ئەوە دەبێتە خۆشترین ڕۆژ بۆیان؟

## باوەزیر عەبدوڵڵا:

# خوێندن و قوتابخانەم لەسەر ئوم کەلسوم و عەبدولوەهاب دانا



***باوەزیر یەکێکە لە بێژەرە هەرە باشەکانی کورد بەزمانی عەرەبی، زۆربەی هەرە زۆری گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم و عەبدولوەهابی لەبەرە، ئامادەیە لەسەر یەک فەتحە و کەسرەیەک چوار کاتژمێر گفتوگۆ بکات، هەرسێ ژەمە گۆشت دەخوات کەچی هەر لاوازە، تەمەنی ٥٦ ساڵە و نازانێت فەحس و زەغت و شەکرە چییە، لەم دیمانەیەدا باوەزیر عەبدولڵا وردە راز بۆ گۆڤارەکەمان هەڵدەڕێژێت.***

**ئا: فایلی رۆشنبیری**

*** مەرجەکانی بێژەری سەرکەوتوو چین؟**

– دەبێت دەنگەکەی شیاو و میکرۆفۆنی بێت و زانیارییەکی باشی دەربارەی رێزمان و مێژوو و جوگرافیا هەبێت و لە خوێندنەوەدا پەلە نەکات، هەروەها مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدابکات کە دەیخوێنێتەوەو فۆنۆتیکی دەنگی لەگەڵدا بگونجێنێت .

*** لەکاتی خوێندنەوەی دەنگوباسدا تووشی هەڵەی زمانەوانی هاتوویت؟**

– زۆرجاران بێژەر تووشی هەڵە دەبێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لای من زۆرکەم روویداوە.

*** شتێکی سەیر و سەمەرە لە ژیانی بێژەریتدا؟**

– رۆژێکیان لە دەلاڵخانە بووم، هەواڵێکی تۆمارکراوم پەخشدەکرد، کۆمەڵە کەسێک وەستابوون و سەیری تەلەڤزیۆنەکەیان دەکرد، لەپڕ یەکێکیان گوتی: بەخوا ئەم سەگبابە عەرەبییەکەی باشە، ئەویتر گوتی: ئەمە عەرەبی ناسڕیەیە، منیش لەپڕ گوتم: کاکەگیان ئەو سەگبابە منم، هەموو پێکەنین.

*** دەڵێن خوێندن و قوتابخانەت لەسەر ئوم کەلسوم و عەبدولوەهاب داناوە، ئەمە چۆن بوو؟**

– هەر کەفامم کرد شەیدای گۆرانییەکانی عەبدولوەهاب و ئوم کەلسوم بووم و سەدا نەوەدی گۆرانییەکانیانم لەبەرە، تاقیکردنەوەی بەکالۆریام هەبوو کەچی لەجیاتی خوێندن گوێم لە گۆرانی دەگرت.

*** حەز دەکەیت سەردانی میسر بکەیت؟**

– کاتی خۆی خەونی هەرە گەورەم ئەوەبوو بچمە میسر، بەڵام ئێستا نەخێر، چونکە عیملاقەکانی هونەر وەک کەلسوم و عەبدولوەهاب و فەرید و عەبدولحەلیم و سونباتی و زەکەریا لە ژیاندا نەماون.

*** ماوەیەکە لەسەر شاشە دیارناکەویت؟**

– لەبواری بینراودا بەداخەوە بایەخێکی زۆر بەزمانی عەرەبی نادرێت، بەرنامە عەرەبییەکان لە تەلەڤزیۆندا زۆر کەمن، بۆ نموونە تەلەڤزیۆنی نەورۆز کە زمانحاڵی حکومەتە پێویستە بەزمانی عەرەبی دیدارم لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندانی دیاری وەک فەلەکەدین کاکەیی، سامی شۆڕش، عومەر فەرهادی، ئیسماعیل بەرزنجی، عەبدولخالق سەرسام، مومتاز حەیدەری، دکتۆر فازڵ خەلیل، قەرەنی ئەسوەد، کەمال غەمبار، یاس خچر، حوسێن نەعمە، ئەمەل خزەیر، فوئاد سالم، راسم جومەیلی، باکوری، محەمەد قەدری، عەدنان جەمال..هتد سازداوە.

*** دەڵێن عەشقی خواردنی خۆشیت؟**

– پیاو هەر دەمرێت جابۆ بێ دڵی خۆی بکات، ئەرێوەڵڵا بەیانیان گورچیلە و تکە و نیوەڕۆیان قۆزی و ئێوارانیش کەباب دەخۆم.

*** ئەی بۆ قەڵە و نابیت؟**

– جا ئەوە نیعمەتی خوایە کە لاوازم.

*** ناوەی باوەزیر لە چیەوە هاتووە؟**

– باوکم ( عەبدوللا کاکەی کۆیی) مامۆستایەکی روناکبیر بوو، ئێمە چوار برا و خوشکێکین سەرەتای ناوەکانمان بە پیتی(ب) دەست پێدەکات (باوەمیر- باوەزیر- بەختیار-بەهمەن-بەهرە) دەڵێن باوەزیر ناوی شوێنێکە لەیەمەن، هەروەها بیستومە ناوی یەکێک لەپیرە کوردییەکانە وەک باوەمراد و باوەشاسوار.



# دەروازەکانی شیعری مۆدێرن

**نووسینی: جەمال مەلایی**

**بەشی یەکەم**

شعری مۆدێرن هاوکات لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا دەستپێدەکات و تا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی درێژەی دەبێ، شاعیرانی مۆدێرن هەریەک بەشبەحاڵی خۆیان لەگەڵ سرووشتدا بەشەڕهاتن و جارێکی دی مرۆڤەکان لە ئاسمانەوە، بەرەو زەی خۆیان ڕوانینیان لە چەقی هەموو شتێکدا دانا، خەڵک بە تەواوەتی لەژێر گوشاری کلێسەهاتنە دەرەوەو بوارەکانی ژیان بەربلاو و ڕێکوپێک بووەوە، شاعیر زانی کە دنیا لە ناو هەڵسوکەوتی تاکە کەسی ئەودا مانای هەیەو بۆ جارێکی دیکە «من» هاتەوە بۆ ناو شعرەکان، بەڵام ئەمجارە ببوو بە خاوەن دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆر.

شعری مۆدێرن لە ڕۆمانتیسم و سەرمبولیزمەوە سەرچاوە دەگرێ و بەم بۆنەوە چاوخشانێکی کورت بەسەر ئەم دوو مەکتەبەدا پێویستە:

١- ڕۆمانتیسم ئەو بزووتنەوەیە کە هەر چەشنە تەقەلایەک بۆ پێناسەکردنی تووشی شکست دەبێت و لە درێژەی تەمەنی سەدوپەنجا ساڵەی خۆیدا پێناسەگەلی جۆراو جۆری بۆ کراوە، گروپێک ڕۆمانتیسیسمان بە شێواوییەک لە تەخەییولدا دەزانێ کە جیا لە خۆی شتێک لەبەر چاو ناگرێت و سەر کەشانە بەرەو رووی دنیا دەبێتەوە، گروپێکی دیکە پێیان وابوو ڕۆمانتیسم نادیارەکان نیشاندەدات و کەسانێکی دیکە بە مەکتەبێکی ئەفسووناوی و پڕ لە هەست و خەمناکیان دەزانی، بەشێوەیەکی گشتی دیاردەیەک ئەوکاتە دەبێ بە ڕۆمانتیک کە: (أ) خوێنەر تووشی سەرسووڕمان بکات، (ب) خاوەنی هەست و سۆزێکی قووڵ بێت، (ج) بەر بە خوێنەر نەگرێت و ئەو ئازادییە بە خوێنەر بدات تاکو هەر جۆرێک پێیخۆشە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات و بەشبەحاڵی خۆی چێژی لێوەرگرێ و لەم ڕێگایەدا تەنیا هەندێ سمبولی و نیشانە بدا بەدەستی خوێنەرەوە، ڕەنگە بزوتنەوەیەکی هونەری بە قولایی و بەربڵاوی ڕۆمانتیسم بەم تەمەنە دوورو درێژەوە دەبێ تاکو ئێستا کە خۆی لە چەندین شکڵ و شێوەی جۆراو جۆردا دەرەخسێنێت و هەر ئەم تایبەتمەندییانەیە کە پێناسەکردنی ڕۆمانتیسم دژوار دەکاتەوە.

خودی ڕۆمانتیکەکان بەچەند شێوە

**ڕۆمانتیکەکان تەنانەت ڕۆڵی وێنەیان لە شعردا گۆڕی و جۆرێک وێنە بەرجەستەکرایەوە**

پێناسەیان دەکرد، ڕۆمانتیکە فەڕەنسییەوییەکان دەیانگوت: ڕۆمانتیسم خودی هونەرێکە کە بەرهەمی ئەدەبی باشی لێدەکەوێتەوەو خەڵک دەتوانن چێژی لێ وەربگرن، ئەم بەرهەمانە ئاوڕی زۆریان لە داب و نەریتی دەرەوەی خۆیان دەدایەوەو لە ئاکامدا بەم خاڵە گەیشتن کە ڕۆمانتیسم تێکەڵاوێکە لە هەموو سفەت و تایبەتمەندییەکان نەک شتێکی دیکە، هەم مێژووییە هەم سیستەمێکی سیاسی فەلسەفییە، هیچ بزووتنەوەو مەکتەبێک وەکو ڕۆمانتیسم نەیتوانی گۆڕان بەدی بێنێت.

ئەم گۆڕانانە هەم لە باری جوانی ناسییەوە بوو هەم لە باری تەخەیوڵ و زمان و هەست و کەشفی شهوودی شاعیرانەوە.

بێگومان یەکێک لە دەسکەوتە بنەڕەتییەکانی مەکتەبی ڕۆمانتیک شعری غەناییە، لەم دەورەیەدا شعری غەنایی نەرم و ڕەوان دەبێتەوەو ئازادییەکی پڕ لە سۆزو شەوقێکی تایبەت پەیدا دەکات، دەنگی زاڵی ناو شعری ڕۆمانتیک دەبێ بە دەنگێکی تاکە کەسی و تەخەیول کە یەکێک لە ڕەهەندە گرینگەکانی جوانیناسی شعرە لە چەقی خولقاندنی هونەریدا جێگە دەگرێت.

شاعیر فرەتر لە هەموو شتێک پێداگری لەسەر شهوودی خۆی دەکات ڕۆمانتیکەکان تەنانەت ڕۆڵی وێنەیان لە شعردا گۆڕی و جۆرێک وێنە بەرجەستەکرایەوە، لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەمدا وێنە وەکو ئامێرێکی پەراوێز بوو کە بۆ جوانکردن و ئارایشکردنی شعر کەڵکیان لێوەردەگرت، بەڵام لەلای ڕۆمانتیکەکان بوو بە خاوەن شکۆیەکی بەر فراوان، لە واقیعدا دەکرێ بڵێین ڕۆمانتیکەکان بەردی بناغەی شعری غەنایی مۆدێرنیان داناو خۆیان نموونە گەلی سەرکەوتووی زۆریان لێکەوتەوە.

٢- سەمبولیزمیش وەکو ڕۆمانتیسم چەمکێکی بەربڵاوەو ئەم وشە واتە سەمبولیزم بۆ هەر شێوەیەک لە گوتن یان بەیانکردن بەکار دەڕوات کە بەجێی ئاماژەی ڕاستەوخۆ ئەو بابەتە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بابەتێکی دیکەوە بەیان دەکات، سەمبولیزم تەنیا بابەتێک لە ڕێگەی بابەتێکی دیکەوە نیشان نادات، بەڵکو لە وێنەگەلی بەرچاو بۆ دەربڕینی هەست و هزرێکی ئینتزاعی کەڵک وەردەگرێ.

ئامادەکردنی: ڕۆژگار فازل

## چاپکراوەکان



### کوردستان العراق و جنوب السودان من الحکم الذاتی الی الفدرالیه

ئامادەکردنی: پارێزەر تاریق جامباز د.ڕۆژان دزەیی



### ڕێنوێن

گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە مەکتەبی ڕاگەیاندنی لقی (١١)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دوو مانگ جارێک دەریدەکات، ژمارە (٢)ی کەوتە بەر دەستی خوێنەران.



### مەقلوب

گۆڤارێکی وەرزی ڕۆشنبیری کەلتوری گشتییە، ژمارە (١) هاوینی ٢٠٠٩ی کەوتە بەر دەستی خوێنەران.



### باریش

گۆڤارێکی کلتوری گشتییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم دەریدەکات، ژمارە (٤٦)ی کەوتە دەستی خوێنەران.

## (تەمەن)ی محەمەد عەزیز

محەمەد عەزیز، هونەرمەندێکی دیاری شاری هەولێرە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە بێدەنگییەکی پێوە دیارە لە کارە هونەرییەکانی، بۆ ئەم مەبەستە هونەرمەند بە گۆڤارەکەمانی ڕاگەیاند: ڕاستە ماوەیەکە لە کارە هونەرییەکانم بێدەنگم، بەڵام



ئێستا خەریکی ئامادەکردنی سیدییەکی نوێم بەناوی (تەمەن) کە لە (٨) تراک پێکهاتووە و شیعری گۆرانییەکانی نێو سیدیەکەم هی هەریەک لە شاعیران (عەبدوڵڵا پەشێو، سەرکەوت ڕەسوڵ، ڕێدار سابیر، وشیار عەبدوڵڵا، فۆلکلۆر)ە هەروەها ئاوازەکانیش هەندێکیا وەرگیراون و هەندێکی دیکەش هی خۆمن و لە ستۆدیۆی سازان تۆماریانم کردووە، هەروەها دوو گۆرانیم لەم سیدیە کلیپ کردووە، وە لە لایەنی هاوکاری کردن هونەرمەند سوپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد کە هاوکارییەکی زۆری کردووە بۆ بەرهەم هێنانی ئەم سیدیە تازەیەی.

ئا: ڕێکار قادر



## گۆڤاری بەڵگە.. پیرۆزە

گۆڤاری بەڵگە، گۆڤارێکی نوێیەو، ژمارەی (١و٢)، ئەم گۆڤارە تازەیە بەدەستمان گەیشت، خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری هاوکارمان جەمال عەبدوڵڵایە.. پیرۆزبایی دەرچوونی دەکەین و بەهیوای تەمەن درێژی.

## ئافرەت و ئەتکێت

کتێبێکی (ژاڵە عەبدوڵڵا)یە بە (١١٠) لاپەڕە و لە بەرگێکی جوان و ڕازاوەدا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بەچاپی گەیاندووە، ژاڵە لەم کتێبەیدا باس لە ئەتکێتی ئافرەتان دەکات، کە



هەم جوانییەکی دیکە بە ژیان دەبەخشێت و هەم بە مرۆڤەکان، کە دەبێت چۆن هەڵسو کەوتی لەگەڵدا بکەن، بەواتایەکی دیکە کتێبی ئافرەت و ئەتکێت هەموو ئەو ڕێنوییانە لەخۆ دەگرێت، کە مرۆڤەکان زیاتر لەلای یەکتر خۆشەویست دەکات و تامێکی دیکە بە ژیان دە بەخشێت. شایەنی باسە یەکەمین جارە لەناو کورددا لەسەردەستی ئافرەتێکی نووسەری کورد ئەم لایەنە گرنگەی ژیانی مرۆڤ ئاوڕی لێدەدرێتەوە و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند دەبێت.



## ناسیونالیزم و دژەکانی

**نووسەر: سمکۆ محەمەد**

کتێبێکە کە زۆر بە تێرو تەسەلی باس لە چەمکی ناسیونالیزم و مێژی ئەم چەمکە لە زۆربەی زۆری نەتەوەکان و کوردستان دەکات، هەروەها نووسەر زۆر بە وردی باس لە سیاسەتی کوردی و یەکە بە یەکە باس لەو تیرەو عەشیرەتانەی کە لە کوردستانی عێراق نەتەوەی کوردیان پێکهێناوە دەکات و هەریەکەو شوێنی دانیشتنی جوگرافی و جۆری زمانیانی دیاری کردووە، ئەمە جگە لە چەندین بابەتی دیکەی کە تایبەتە بەم لایەنە، شایەنی خوێندنەوەیە، شایەنی باسە ئەم کتێبە لە زنجیرە کتێبی دەزگای شەفەقی ڕۆشنبیری- کەرکووکە، ژمارە (٢٤)، لە چاپخانەی دەزگای ئاراس بەچاپ گەیەندراوە.



## وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە هونەرمەند شڤان پەروەر کرد

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٦/٢٤ بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە هونەرمەندی گەورەی کورد شڤان پەروەر کە بە مەبەستی ئەنجام دانی کۆنسێرتێکی گۆرانی و میزیک سەردانی هەولێری کردووە. لە دانیشتنێکدا باس لە رەوشی هونەر لە کوردستان، ئەو پێشڕەچوونەی کە بەخۆیەوە بینیوە کرا. جێی باسە هونەرمەند شڤان پەروەر بە داوەتێکی قونسولییەتی فەرەنسا لە هەولێر رۆژی دووشەممەی رابردوو گەیشتە کوردستان بۆ ئەنجام دانی کۆنسێرتیک بەبۆنەی رۆژی جیهانی میوزیکی. ئەمساڵ هەر وەکو پار ساڵ رۆژی میوزیکی جیهانی لە کوردستان قونسولییەتی فەرەنسا لە هەولێر و بەهاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری سازیان کرد و لە چەندین جێگای گشتیی تیپەکانی موزیک چالاکییان پێشکەش کرد.

## هاوکارییەکانی تیپی زەیتوونی کۆریای باشوور لە فیلمێکدا

فیلمی (سوپاس بۆ کۆریای باشوور)، کە لە نووسین و سیناریۆو دەرهێنانی (ئازاد دڵپاک)ە، کە هەرخۆشی وەکو ئەکتەری سەرەکی رۆڵی تێدابینیوە، ئەم فیلمە کاری وێنە گرتنی لە لایەن لوقمان مەزن و شێرزاد ئەحمەد بۆ کراوە، هەوەها دڵدار جاف کاری مۆنتاژی بۆ کردووە، هەروەها وێنەگرتنی ئەم فیلمە ماوەی سێ رۆژی خایاندووە، بەرهەم هێنەری فیلمەکە ئازاد دڵپاک گوتی: ئەم فیلمە بە کامێرای (HD) وێنەی گیراوەو لە پاشان خستراوەتە سەر (٣٥) ملیمی ماوەکەشی یەک کاتژمێرە، بەگشتی ئەم فیلمە باس لە هاوکارییەکانی تیپی زەیتوونی کۆریای باشوور دەکات، بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، لە درێژەی لێدوانەکەی بەرهەم هێنەری فیلم گوتی: ئەم فیلمە لە رووی داراییەوە بەبێ هاوکاری هیچ لایەنێک بەرهەمم هێناوە خەرجی هەموو کارەکانی لە ئەستۆی خۆم بووە، لە کۆتایدا ئازاد دڵپاک گوتی: ئەم فیلمە یەکێکە لە کارەکانی تیپی نواندنی دڵپاک لە هەولێر، هەروەها گوتیشی لە پاش تەواو بوونی کارەکانی پێشکەش بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی)م کرد وەکو دیارییەک تاکو خۆی پێشکەشی تیپی زەیتوونی کۆریای باشور بکات.




**ئا: سەرهەنگ غەریب**

## لە پایتەخت گروپی موزیکی کوردی دادەمەزرێت

**ئا: هێمن ئاری**

لە شاری هەولێر گروپی موزیکی کوردی بە سەرپەرشتی هونەرمەندی موزیک ژەن هەڵبەست سەلاح دادەمەزرێت، لەم بارەیەوە هەڵبەست سەلاح سەرپەرشتیاری گروپەکە سەبارەت بە دامەزراندنی گروپەکە گوتی: لەگەڵ چەند موزیک ژەنێکی بەتوانای کوردو بە مەبەستی زیاتر خزمەت گەیاندن بە رەوتی موزیکی کوردی بە ستایل و شێوازیکی زانستی و هونەریانە ئەم گروپەمان دامەزراند، هەروەها سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی گروپەکە هونەرمەند هەڵبەست گوتی: بەنیازین کە چەندین کارو چالاکی جۆراوجۆری موزیکی ئەنجامبدەین وەکو سازدانی چەندین کۆنسێرت. لە کۆتایدا هەڵبەست سەلاح ئەوەشی گوت کە ئەم گروپە سەربە وەزارەتی رۆشنبیرییەو مۆڵەتی فەرمیشی لەلایەن وەزارەتی ناوبراو پێدراوە.



## پیشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ شەهیدان و پێشمەرگەی شاخ

رۆژی دوو شەممەی رابردوو رێکەوتی ٢٠٠٩/٦/٢٢ کاتژمێر ٥،٤ هونەرمەندی فۆتۆگرافی (تامین کاکەسوور) سەڵسا بەکردنەوەی پیشانگایەکی تایبەتی خۆی لەژێر ناونیشانی شەهیدان و پێشمەرگەی شاخ لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر، کە کۆمەڵێک وێنەی فۆتۆگرافی شەهیدان و پێشمەرگەی لە خۆ گرتبوو، شایەنی باسە ئەم پیشانگایە بۆ ماوەی سێ رۆژ بەردەوام بوو.